بەهەشت ودۆزەخ گفتوگۆیان کرد، دۆزەخ ووتی: ستەمکارەکان وخۆبەگەورەزانەکان لە نێو منداڵ، وبەهەشت ووتی: لاوازەکان وهەژارەکان لە نێو منداڵ

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «بەهەشت ودۆزەخ گفتوگۆیان کرد، دۆزەخ ووتی: ستەمکارەکان وخۆبەگەورەزانەکان لە نێو منداڵ، وبەهەشت ووتی: لاوازەکان وهەژارەکان لە نێو منداڵ، خوای گەورە دادوەری کرد لە نێوانیان (وفەرمووی): «تۆ ئەی بەهەشت؛ ڕەحمەتی منی بەهۆی تۆوە ڕەحم دەکەم بە هەرکەسێک بمەوێت، وتۆ ئەی دۆزەخ؛ سزای منی بەهۆی تۆوە سزای هەرکەسێک دەدەم کە بمەوێت، وزامنی دەکەم کە هەردووتان پڕ بێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: بەهەشت ودۆزەخ لە نێوان خۆیان گفتوگۆیان کرد وهەریەکیان بەڵگەی بۆ قسەکەی هێنایەوە، وئەمیش لە شتە نەبینراوەکانە -غەیبیاتەکانە- کە دەبێت باوەڕمان پێی هەبێت چونکە خوای گەورە لەسەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداڕە، دۆزەخ باسی ئەوەی کرد کە ستەمکەر وخۆبەگەورەزان لە پلەوپایە ودڵڕەق وئەوانەی خەڵکی بە کەم دادەنێن لە نێو ئەودان، هەروەکو پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: (خۆبەگەورەزانین بریتیە لە ڕەتدانەوەی هەق وبە کەم دانانی خەڵکی)، کەسی فیز زل وخۆبەگەورەزان لە نێو دۆزەخدایە، پەنا بە خودا، ولەوەیە ئەو کەسەی دەچێتە نێو دۆزەخەوە لە گەڵ خەڵکیدا ڕەوشتی جوان ونەرم ونیان بێت بەڵام هەق وڕاستی ڕەتدەکاتەوە قبوڵی ناکات و خۆی بەگەورەتر دەزانێت لە ملکەچ بوون بۆ هەق، بۆیە لەم کاتەدا ڕەوشت جوانی بوونی بەرامبەر خەڵکی سوودی پێناگەیەنێت، لێرەدا هەر هەمان وەسفی هەیە کە فیز زل وخۆبەگەورەزانە؛ چونکە هەق ڕەتدەکاتەوە. وبەهەشت ووتی: خەڵکی لاواز وهەژاری تێدایە، وزۆر جار ئەوانەی ئەم وەسفانەیان تێدایە ملکەچ دەبن بۆ هەق، وخوای گەورە دادوەری لە نێوانیاندا کرد و بە بەهەشت فەرمووی: (تۆ ئەی بەهەشت؛ ڕەحمەتی منی بەهۆی تۆوە ڕەحم دەکەم بە هەرکەسێک بمەوێت)، وبە دۆزەخ فەرمووی: (وتۆ ئەی دۆزەخ؛ سزای منی بەهۆی تۆوە سزای هەرکەسێک دەدەم کە بمەوێت)، وپاشان فەرمووی: (وزامنی دەکەم کە هەردووتان پڕ بێت) خوای گەورە زامنی کرد کە بەهەشت پڕ بێت لە ئیمانداران ودۆزەخ پڕ بێت لە کافرەکان، وفەزڵ وڕەحمەتی خودا فراوانترە لە تووڕە بوون وسزاکەی، ئەگەر ڕۆژی قیامەت بێت دۆزەخ دەڵێت: ئایا زیاتر هەیە بۆ ئەوەی بێتە نێو دۆزەخەوە، وخودا لەو کاتەدا پێی پیرۆزی خۆی دەخاتە سەر دۆزەخ بۆیە هەموو دۆزەخ تێک دەئاڵێت وبەشەکانی دەچێتە نێو یەکتردا، ودەڵێت: بەسە، بەسە؛ واتا پڕ بوو، وئەمیش پڕ بوونیەتی، بەڵام بەهەشت فراوانە وپانیەکەی بە هێندەی ئاسمانەکان وزەوییە وکاتێک ئەهلی بەهەشت دەچنە نێو بەهەشتەوە شوێنی بۆشایی زۆر دەمێنێت؛ بۆیە خوای گەورە کەسانی تر دەخوڵقێنێت ودەیانکاتە نێو بەهەشتەوە بە فەزڵ وڕەحمەتی خۆی؛ چونکە خوای گەورە زامنی کردووە کە پڕ بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3261


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee